KURDISTAN ENGINEERS UNION

**سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**
**نقابة مهندسي كوردستان**
Kurdistan Engineers Union (KEU)

**سەنتەری تەکنەلۆجیاو راهێنانی ئەوروپی**
**المركز الاوروبى للتكنلوجياو التدريب**
European Technology and Training Centre (ETTC)

# یادداشتنامەی لێك تێگەیشتن (MOU)

**لایەنی یەکەم:** سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان "KEU"، لەلایەن بەڕێز عبدالرحمن علي کوردە نوێنەرایەتی دەکرێت.
**لایەنی دووەم:** سەنتەری تەکنەلۆجیاو راهێنانی ئەوروپی "ETTC"، لەلایەن بەڕێز جیهاد زێڕۆ نوێنەرایەتی دەکرێت.

**ماددەی یەکەم:**

هەردوولا رێکەوتووین، تواناکانمان یەکبخەین و جەخت بکەینەسەر بونیاتنان و بەهێزکردنی تواناکانی زانستی و پیشەیی و کارگێڕی ئەندازیارانی کوردستان لە رێگەی پشتگیری کردن لە گەشەسەندنی دامەزراوەیی و ئەنجامدانی خوولی راهێنان لەبوارە جیاجیاکانی ئەندازەیی و کارگێڕی بە ئامانجی بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە لەسەر خواستی ئەندازیاران و پێشنیارەکانیان.

**ماددەی دووەم:**

بەرنامەی هەرچالاکیەك کە بە پێویست زانرا ئەنجام بدرێت، لەسەر بنەمای ئەم یادداشتنامەیە، رێککەوتنی فەرمی واژووکراویان لەسەر دەکرێت و بۆ هەر چالاکیەکی تری دوای ئەو، بەرنامەکان ئەبدەیت دەکرێنەوە، ئەویش بەپێی پێکانی ئامانج و هەڵسەنگاندنی هەردوولا لەسەر قۆناغەکانی پێشووتری بەرنامە و چالاکیەکان و ئاکامەکانیان.

**ماددەی سێیەم:**

هەردوولا پەیوەندیەکانمان بەهێز دەکەین لەپێناو پیادەکردنی ئەم یادداشتنامەیە و بەکارخستنی تواناکانمان بە کەڵك وەرگرتن لە توانا مرۆیی و سەرچاوە و تەکنەلۆجیە بەردەستەکان.

**ماددەی چوارەم:**

هەردوولا لیژنەو نوێنەرایەتی تایبەت و بڕیاردەر و بەرپرسیار دەست نیشان دەکەین بۆ هەماهەنگی و سەرپەرشتی پڕۆژە و چالاکیەکان و بەردەوامی پرۆسەکە و ئەرکەکانی رۆژانەی ئەم چالاکیانە. بەپێی پێویستی، ئاڵوگۆڕی زانیاری و دۆکیومێنتە پێویستەکانی کارو چالاکیەکانی رۆژانە دەکرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

هەردوولا هەماهەنگی و ئاسانکاری پێویست بۆ یەکتر دەکەین بۆ بەسەرکردنەوەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی پڕۆژەکان و گۆڕینەوە و پێدانی زانیاری پێویست بۆ ئامادەکردنی راپۆرتی دارایی‌و کۆتایی لەسەر چالاکیەکان.

**ماددەی شەشەم:**

هیچ یەك لەم دوولایەنە نوێنەرایەتی ئەویتر ناکات لە بابەتە یاساییەکان و دەرکردنی بەیاننامە بەبێ ئاگاداری لایەنەکەی تر.

**ماددەی هەوتەم:**

لە هەر گۆڕانکاریەکی بەرنامەی پڕۆژە و چالاکیەکانی، دەبێت لایەنە هاوبەش و (بەخشەرەکان - Donners) ئاگادار بکرێنەوە بۆ رەزامەندیدان‌و پەسند کردنیان.

| | |
|---|---|
| **سەنتەری تەکنەلۆجیاو ڕاهێنانی ئەوروپی**<br>**المركز الأوروبي للتكنلوجياو التدريب**<br>European Technology and Training Centre (ETTC) | KURDISTAN ENGINEERS UNION<br>**سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**<br>**نقابة مهندسي كوردستان**<br>Kurdistan Engineers Union (KEU) |

---

**ماددەی هەشتەم:**

لیژنەکانی پێکهاتووی هەردوولا بۆ سەرپەرشتی پڕۆژەکان، پێویستە ناوە ناوە بارودۆخی پڕۆژەکان تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن و سەرنج و تێبینیو بڕیار و ڕاسپاردەکانیان، کۆنووسی تایبەتیان بۆ بکرێتو واژوو پەسند بکرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یادداشتنامەیە، بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی دەنووسرێت و واژوو دەکرێت. ئەم وێنەیە بنەما دەبێت بۆ وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزی. هەردوو زمانەکەش، (بە ئومێدی دووربوون لە هەموو خلافێك)، پێوەرن بۆ یەکلاکرنەوەی هەر ناتێگەیشتن یان خلافێك کە هەبێت بەپێی جۆری دۆکیومێنتەکان و زمانی کەسەکان.

**ماددەی دەیەم:**

بەهۆکاری مەنتقی و پێشهاتی پێشبینی نەکراو کە ببێتە نارازیبونی لایەنێك یان هەردوولا لە یەکتر یان لە بابەت و بارودۆخێکی تری نەخوازراو، دوای گفتوگۆکردن لەسەری و نەگەیشتن بەرێککەوتن و قەناعەت، بڕیاری هاوبەشی پێویست لەبارەی ئەم یادداشتنامەیەوە دەدرێت بەبێ ئەوەی بەیاننامەیەك ڕابگەیەنرێت و هیچ ڕێکارێکی یاسایی بگیرێتەبەر لەلایەن هیچ یەك لەم دوولایەنە هاوبەشە.

**ماددەی یازدەهەم:**

بۆ هەر پڕۆژەو چالاکیەك، ڕێکەوتنێکی تایبەت لەلایەن هەردوولا و هاوبەشەکانیان واژوو دەکرێت. هەر گۆڕانکاریەك یان هەموارکردنێك لە پڕۆژەکان کە پێویست بێت، دەبێ بە نووسراوو بە ڕەزامەندی هەردوولا و بەخشەرەکان (Donners) بێت لەسەر بنەمای ئەم یادداشتنامەیە و ڕێککەوتنی هاوبەش لەسەر پڕۆژەکان. ئەم ڕێککەوتنانەش وەك بەشێکی جیانەکراوە دەبن لەم یادداشتنامەیە.

**ماددەی دوازدەهەم:**

هەردوولا لە داڕشتنی ماددەکانی ئەم یادداشتنامەیە بەشدار و هەماهەنگ بوونە و دەبن لە داهاتووشدا. نوێنەرانی هەردوولا ڕایدەگەیەنین کە یادداشتنامەکەمان خوێندۆتەوە و لە ناوەڕۆکەکەی بە باشی تێگەیشتووین، بۆیە بە ویستی خۆمان و ڕازیبوون لەسەر هەموو ماددەکانی، واژوومان کردووە بە نوێنەرایەتی لایەنەکانمان.

**ماددەی سێزدەهەم:**

بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن یان نەهێشتنی کەموکورتیەکانی یادداشتنامەکە، لیژنەی سەرپەرشتی هەردوولا، بە هاوبەشی دەسەڵاتیان پێدەدرێت، پێشنیارەکان تاوتوێ بکەن و بڕیاری پێویستیان لە بارەیەوە بدەن بۆ هەموارکردنەوە و ڕێکخستنەوەیان لە داهاتوودا گەر پێویست بکات.

**ماددەی چواردەهەم:**

ئەم یادداشتنامەیە کە بە هەردوو زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی نووسراوە، کارا و پیادە دەکرێت لە ڕۆژی پەسندکردن و واژووکردنیەوە، دووشەممە ڕێکەوتی (2022/5/9). هەر لایەنێك وێنەیەکی پێدەدرێت بە هەردوو زمان.

| | |
|---|---|
| **جیهاد زیرو**<br>**بەڕێوەبەری جێبەجێکاری** (ETTC)<br>2022/5/9 | **عبدالرحمن علي كوردە**<br>**نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان** (KEU)<br>2022/5/9 |

**سەنتەری تەکنەلۆجیاو راهێنانی ئەوروپی**
**المركز الأوروبي للتكنلوجياو التدريب**
European Technology and Training Centre (ETTC)

**سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**
**نقابة مهندسي كوردستان**
Kurdistan Engineers Union (KEU)

---

# ڕێککەوتننامەی هاوبەش

**لایەنی یەکەم:** سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان "KEU"، لەلایەن بەڕێز عبدالرحمن علی کوردە نوێنەرایەتی دەکرێت.

**لایەنی دووەم:** سەنتەری تەکنەلۆجیاو راهێنانی ئەوروپی "ETTC"، لەلایەن بەڕێز جیهاد زێرۆ نوێنەرایەتی دەکرێت.

**بابەت:** هەردوولا، لەسەر بنەمای یادداشتنامەی واژووکراوی نێوانمان لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی (2022/5/9)، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە رێککەوتین کە بریتیە لە پاکێجی پڕۆژەیەك وەك قۆناغی یەکەم بە ناوی **"پێوەرەکانی بونیادنانی تواناسازی و دامەزراندنی ئەکادێمیای ئەندازیاران"** بۆیە لەرۆژی دووشەممە رێکەوتی(2022/5/9) لە خوارەوە پەسند و واژوومان کردووە.

**قۆناغی یەکەم:** **لیستی چالاکیەکانی پڕۆژە:-**

1. خوولی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی نووسینگە ئەندازەییەکان لە رۆژانی (8و2022/5/10).
2. مەراسیمی دەستپێکردنی پڕۆژە لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی (2022/5/9).
3. ئەنجامدانی (10) خوول لەسەر بابەتە جیاجیاکانی ئەندازیاری بۆ (200) ئەندازیار.
4. دابینکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ (20) ئەندازیار کە ئارەزوویان هەیە لە کەرتی تایبەت کار بکەن، یاخود کاری خۆیان دابمەزرێنن واتە (نووسینگەی ئەندازیاری و راوێژکاری بکەنەوە).
5. ئەنجامدانی خوولی راهێنان (TOT) بۆ (15) بەرپرس و دەستەی بەڕێوەبردنی (KEU).
6. خەڵات کردنی هەموو ئەندازیارەکانی بەشدار لە خوولەکان بە خەڵاتێکی رەمزی.
7. پێدانی بڕوانامەی بەشداربوون بە ئەندازیارە بەشدارەکان.
8. رێکخستنی گەشتێکی زانستی لەسەر بوودجەی پڕۆژەکە بۆ گرووپێك لە ئەندازیارانی بەشدار لە خوولەکان و ئەندامانی (KEU) بۆ ئەڵمانیا بە دیاریکردنی هەنگاوەکانی گەرەنتی گەڕانەوەی بەشداربوو بۆ هەرێمی کوردستان.
9. گەر لە بوودجەی پەسندکراو، دوای ئەنجامدانی ئەم چالاکیانە، مەبلەغێك پارە مایەوە، چالاکی تر ئەنجام دەدرێت لەم چوارچێوەیەدا و گفتوگۆی لەبارەیەوە لەسەر دەکرێت.

**جیهاد زێرۆ**
**بەڕێوەبەری جێبەجێکاری** (ETTC)
2022/5/9

**عبدالرحمن علی کوردە**
**نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان** (KEU)
2022/5/9